ئیدارەی ترەمپ مامەڵەکردنی لەگەڵ هەندێک داواکاری بە مافی مانەوەی هەمیشەیی یاسایی رادەگرێت

میدیاکانی ئەمریکا رایانگەیاند، ئیدارەی سەرۆکی ئەمریکا مامەڵەکردنی لەگەڵ هەندێک داواکاری بە مافی مانەوەی هەمیشەیی یاسایی راگرت، وەک بەشێک لە سیاسەتی توندکردنەوەی رێکارەکانی کۆچبەریی و دەزگای رێگەزنامە و کۆچبەری رێنمایی کارمەندەکانی کردووە بە راگرتنی مامەڵەکردن لەگەڵ داواکارییەکانی نیشتەجێبون و مافی پەنابەری.

ئەمە سەرەتای ٢٥ی ئازاری ٢٠٢٥، میدیاکانی ئەمریکا باویانکردەوە،ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا لەم دواییانەدا، مامەڵەکردنی لەگەڵ هەندێک داواکاری بە مافی مانەوەی هەمیشەیی یاسایی، کە بە کارتی سۆز ناسراوە راگرت.

باسی لەوەشکرد، دەزگای رێگەزنامە و کۆچبەری ئەمریکا USCISرێنمایی کارمەندەکانی کردوە بە راگرتنی مامەڵەکردن لەگەڵ داواکارییەکانی نیشتەجێبون لەو کۆچبەرانەی کە باری پەنابەرییان هەیە یان داوای مافی پەنابەری دەکەن.